# شیکردنەوەی جوگرافی بۆ کەرەستەی بیناسازی لە پیزرین
## ( تویژینەوەیەکلە جوگرافیای لادێیدا)

ID No. 283

(PP 107 - 125)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.5.7

**هۆگر جمیل احمد**

وەزارەتی پەروەردە- کۆمەڵگەی فاخیر مێرگەسۆری پەروەردەیی

Hogrjamil11@gmail.com

**وەگــــــرتن : 2022/04/25**

**پەسندکردن : 2022/05/25**

**بڵاوکردنەوە : 2022/10/25**

**پوختە**

دروستکردنی خانوو بە کەرەستەی جۆراو جۆر،بە یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندیە رۆشنبیری و ماددیەکانی مرۆڤ دادەنرێت، ئاماژەیەکە بۆ تەرزی ژیانی مرۆڤ و پلەی شارستانییەتی کۆمەڵگە، ئاشکرایە پیرزین لە خانووەکانیاندا جۆرەها کەرەستەی بیناسازی بەکار هێناوە، بۆیە ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە تیشك خستنە سەر جۆری ئەو کەرەستانەی کە لە پێکهاتەی خانووەکانی پیرزیندا هەیە،بەمەبەستی ئەوەی ببێتە روانگەیەك بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دارشتنی نەخشەو پلانێکی تۆکمە بۆ گوندەکە،بەئامانجی پەرەپێدانێکی زانستی پەیوەست بەم بابەتە،بەجۆرێك بوژانەوەو پێشخستنی گوندەکەی لێبکەوێتەوە0 بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی و شیکردنەوە بەستووە، شایەنی باسە توێژینەوەکە بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەشکراوە، هەریەك لە ناساندنی ناوچەی توێژینەوەو جۆری کەرستەی بەکارهاتوو و هۆکارەکانی کاریگەری لە سەر بەکارهێنانی کەرەستە لەخۆ دەگرێت، جێگای ئاماژە پێکردنە،پێش سالی 1977 سەرجەم خانووەکانی پیرزین لە کەرەستەی قور و لم و دارو خشت دروستکرا بوون،بەلام لە سالی 1977 کەرەستەی بەردی دروستکراو هاتە نێو بیناسازییەکان،دواتریش لە سالی1987 لەپال کەرەستەکانی قور و بەردی دروستکراو، خانوو بە کەرەستەی بلۆکیش پەیدا بوو،کە کەرەستەکانی ئاسن و شوشە و بنمیچی لاوەکی و چیمەنتۆ و شیش و کاشی و بەردی حەلان و 00هتد،لەخۆ دەگرت، هەروەها لە سالی 2008 کەرەستەی بەکارهاتووی بلۆك لە هەردوو جۆرەکەی پێشووتر رووی لە بەرزبوونەوە کردووە ،کەچی لە سالی 2021 کەرەستەی بەکارهاتووی بلۆك لە پێکهاتەی خانووەکاندا رێژەکەی گەیشتۆتە96% بە بەراورد بە خانووی قور رووی لە نەمان کردووە0

**کلیلی وشەکان:** کەرەستەی بیناسازی ، خانووی لادێ ، پیرزین.

### پێشەکی:

خانووی لادێ،ئەگەر بەراوردی بکرێت بە خانووی شار،ئەوا گونجاوترین دەربڕین لەسەر ژینگەی لادێیدا دەردەخات،چونکە ئەو خانووانەی کە بە کەرەستەکانی سەرەتایی وەك قوڕ و دارو خشت دروستکراون ، پەیوەندییەکی پتەویان لە نێوان هەر یەك لە جۆری کەرەستەی خانووەکە و هەروەها سروشتە ژینگەکەیدا هەیە، هەرچەندە پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە گەیشتۆتە نێو جەرگەی لادێکان ،بەلام تا ئێستا ئەم پەیوەندییە لە چەندین شوێندا تا رادەیەك هەر بە پتەوی ماوەتەوە0.شاراوە نییە، توێژینەوە دەربارەی کەرەستەی بەکارهاتوو لە خانووی لادێکان لە هەرێمی کوردستاندا کەمە، بە تایبەتی لە گوندەکان کە روبەرووی گیروگرفتی دیاردەی کۆچکردن بۆ نێو شارەکان بوونەتەوە، ئەمەش ئاسەوارێکی نەرێنی لە رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر یەك لە گوندو شاردا بەجێهێشتووە، بە شێوەیەك پالی بە توێژەرانەوە ناوە کە گرنگی زیاتر بەو توێژینەوانە بدەن و تا چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە.

### گرنکی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوە بایەخی جۆری کەرەستەی بەکارهاتوو لە دروستکردنی خانووەکانی پیرزین دەستنیشان دەکات، چونکە کەرەستەی خانوو بایەخێکی تایبەتی خۆی لە پێکهاتەی خانووەکاندا هەیە و پێوەرێکیشە بۆ رادەی پێشکەوتنی خانوو تەنانەت

کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر پێشخستنی مۆرفۆلۆجیای گوندەکەدا هەیە ، هەروەها دووركەوتنەوە لەشێوازی وەسفی کەرەستە بەکارهاتووەکان ، وێنای ئایندەی ئاراستە گۆرانکارییەکانی ئەم جۆرە کەرەستە بەکارهاتووانە بەشێوەیەکی زانستی و رێکتر ڕوون بکرێتەوە.

**گرفتی توێژینەوە:**

تا ئێستا ناوچەی توێژینەوە لە رووی بەکارهێنانی جۆری کەرەستە لە پێکهاتەی خانووەکانیدا بوارێکی ئەوتۆی جا چ لە لایەنی حکومییەوە یاخود لە لایەنی ئەکادیمییەوە بێت بۆ نەرەخسێنراوە، جگە لەوەی پیرزینیش هەر چەندە لە شاری هەولێر نزیکە، بەلام لە رووی بەکارهێنانی کەرستەی بەکارهاتوو بۆ خانووەکانیان بە شێوازێکی پلان دارێژراوی تۆکمە کاری لەسەر نەکراوە، تەنانەت کەمووکورییەکی بەرچاو لە بەکارهێنانی کەرەستەکانی بیناسازییدا هەیە!!

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە تیشك خستنە سەر جۆری ئەو کەرەستانەی کە لە دروستکردنی خانووەکانی پیرزیندا هەیە،بەمەبەستی ئەوەی ببێتە روانگەیەك بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دارشتنی نەخشەو پلانێکی تۆکمە بۆ گوندەکە،بەئامانجی پەرەپێدانێکی زانستی پەیوەست بەم بابەتە،بەجۆرێك بوژانەوەو پێشخستنی گوندەکەی لێبکەوێتەوە0

**میتۆدی توێژینەوە:**

لە میتۆدی توێژینەوەکەدا پشت بەستراوە بە چەندین سەرچاوەی جوگرافی و هەروەها لە پێناو تاوتوێکردنێکی گونجاو بۆ توێژینەوەکە هەولدراوە میتۆدی ( وەسفی و شیکردنەوە )،پیادە بکرێت ، ئەویش لە رێگای سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی توێژینەوە کە گەران بەدوای شوێنەکان و بینینی ناوچەکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەگرێتەوە،هەروەها چاوپێکەوتن لەگەل بەرپرسانی فەرمانگەکان و لەگەل کەسانی شارەزا و پیاو ماقولانی ناوچەکەشدا کراوە.

**پلانی توێژینەوە:**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، باسەکەمان بەسەر سێ بەش دابەشکردووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی ناوچەی توێژینەوە کە دابەشکراوە بۆ دوو تەوەرەی سەرەکی کە هەر یەکەیان باس لە ڕەهەندەکانی جوگرافی و مێژوویی ناوچەکە دەکەن، لە بەشی دووەمدا تیشك دەخەینە سەر جۆری کەرەستەی بەکارهاتوو لە خانووەکانی پیرزیندا ،ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوەیان لە کۆن و ئێستادا. لە بەشی سێیەمیشدا باس لە گرنگترین ئەو هۆکارانە دەکرێ کە کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی بەکارهاتوو لە خانووەکانی ناوچەی توێژَینەوە هەیە، ئەویش بە تیشك خستنە سەر فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان .

**سنوری ناوچەی توێژینەوە:**

1- سنوری کاتی : شیکرنەوەی کەرستەی بیناسازی نێوان سالانی (1977-2021) دەگرێتەوە0

2 -سنوری شوێنی: بریتییە لە سنووری شارەوانی پیرزین0

3 -سنووری بابەتی: بریتییە لە کەرستەی بیناسازی خانووبەرە0

**ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە:**

کەمی سەرچاوەی زانستی و دەست نەکەوتنی لە هەندێك بواردا ، ئاستەنگێك بوون لەبەردەم ئامادەکردنی توێژینەوەکە، بەڵام توانیم بەهۆی سەردانی مەیدانی ، هەموو ئەو کەموکورییانە چارەسەر بکەم .

**لێکۆلینەوەکانی پێشوو:**

هەرچەندە تۆێژینەوە لە رووی بەکارهێنانی کەرەستەی خانوو لە پیرزین بابەتێکی زۆر دەگمەنە،بەلام لەگەل ئەوەشدا چەندین تۆێژینەوە و سەرچاوە هەن ،جەخت لە سەر مۆرفۆلوژیەتی خانوو و بەکارهێنانی کەرەستەی خانوو دەکەنەوە لەوانە :

-التحليل الجغرافي للاستيطان الريفي في العراق،دراسة تطبيقية لمحافظة اربيل، هەرچەندە بە گشتی تیشك دەخاتە سەر نیشتەجێی لادێ ،لە پالیشیدا بە ووردی جەخت لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوو لە لادێیەکانی پارێزگای هەولێر دەکاتەوە،هەروەها باس لە جیاوازی کەرەستەی بەکارهاتوو لە نێو ژینگەی چیایی و دەشتاییەکان دەکاتەوە (اللهوني، 2002)0

- مورفولوجية القرية في اقليم الجبلي ،دراسة ميدانية في محافظة اربيل، لێکۆلینەویەکە باس لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستە لە پێکهاتەی خانووەکانی هەرێمی چیایی لە پارێزگای هەولێر دەکات ،(اسماعیل،2003)0
- البیوت الجدیدة في القری والاریاف تتالف مع بیئتها العراقیة الخاصة، لێکۆلینەوەیەکە باس لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستە لە پێکهاتەی خانووی نێو لادێکانی عیراقدا دەکات، (الانصاري ،2009)0
- مواد البناء، کە باس لە بەکارهێنانی کەرەستەی جۆراو جۆر لە پێکهاتەی خانووەکاندا دەکات (مهنا، 2020)0

**1- ناساندنی ناوچەی توێژینەوە**

**( 1 -1) رەهەندی جوگرافی:**

پیرزین)(*)، دەکەوێتە بەشی ناوەراستی پارێزگای هەولێر لە هەرێمی کوردستانی عێراق ،هەروەها ناحیەی بەحرکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوا،هەرچی کۆمەڵگای شاوێسە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دایە،هەروەها ناحیەی عەنکاوەش کە تەنها 5کم لە سەنتەری ناوچەی توێژینەوە دوورە دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوای پیرزین.(بەرێوەبەرایەتی پلان دانان و چاکسازی،2022) لەڕووی کارگێری یەوە، تا ئێستا گوندێکە سەر بە ناحیەی بەحرکەیە و لە شەش گەرەکانیش پێکدێت، وەك گەرەکەکانی ئاراس،ئاشتی،گولان،ئازادی ،نەورۆز،گەرەکی گوندی پیرزین (نەخشەی 1)، هەروەها زیاتر لە 10 کم لە ناوەراستی شاری هەولێرەوە دوورە(بەرێوەبەرایەتی رێگاوبانی هەولێر،2022)،رووبەری شارەوانییەکەخۆی لە (3،5)کم$^2$ دەدات،هەروەها 496م لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە0(سەرۆکایەتی شارەوانی پیرزین،2022)0

گومانی تێدا نییە،ناوچەی توێژینەوە لەڕووی هاتووچۆوە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەجۆرێك دەکەوێتە نزیك ڕێگایەکی سەرەکی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستانی عێڕاقدا،کە ئەویش بە رێگای هاملێتۆن(**)ناسراوە، بە جۆرێك ئەم رێگایە لە شاری هەولێرەوە درێژ دەبێتەوە تاکو دەگاتە شارۆچکەی حاجی ئۆمەران سەر سنووری کۆماری ئیسلامی ئێران.جگە لەمەش پیرزین لە باشووری رۆژئاوایەوە لە سەر رێگایەکە بە رێگای (پیرزین – کرك-عەنکاوە) ،ناسراوە کە بەهۆیەوە ناحیەی عەنکاوە بەو رێگا سەرەکیەی هاملتۆن دەبەستێتەوە،ئەمەش بۆتە پالنەرێك تاکو تایبەتمەندی شارستانی لە رووی بەکارهێنانی کەرەستەی خانووی پێوە دیار بێت0

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوان، پیرزین بەگوێرەی سەرژمێری سالی 1977 گوندێکی سەر بە ناحیەی عەنکاوە بووە، دایشتوانەکەی لە 508 کەس زیاتر نەبووە،(مدیریة الاحصاء فی محافظة اربیل،1977 ،ص10) بەلام بە تێپەربوونی 10 سال، گوندەکە گەورەتر بووە، بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی سالی 1987 دانیشتوانەکەی گەیشتۆتە(3919)کەس (مدیریة االاحصاء في محافظة اربیل،1987،ص53) ، هەروەها لە ساڵی 2008دانیشتوانی پیرزین خۆی لە 8752 کەس دەدات (بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر،2022)،کەچی لە سالی 2021 دانیشتوانی پیرزین دەگاتە نزیکەی 19975 کەس0(بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر،2022)


شایەنی باسە، پیرزین دەکەوێتە ناوەراستی دەشتێکی فراوان  کە بەدەشتی هەولێر دەناسرێت،(احمد،2012، لا9) بە جۆرێك دەرفەتێکی باش بۆ فراوانکردن و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە دەرەخسێنێت ،بۆیە شوێنە جوگرافییەکەی پیرزین ئەگەر بەراوردی بکەین بە زەوییەکانی دەوروبەری یەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە زەوییەکەی  بە ئاستێکی وەهایە ،کرداری  ئاوەرۆیی خاکەکەی تێدا  گونجاوترە، کە ئەمەش گەشەکردنی بەرووبومی جۆراوجۆری زیاتری لێدەکەوێتەوە،

هەروەها لە پالیشیدا خاکەکەی لە جۆری خاکی قاوەییە کە بەهۆی توانای پێکهاتەی خاکەکەوە، بۆ کاری کشتوکالکردن تەواو لەبارە. (Buringh, 1960,p.218)

سەبارەت بە لایەنی ئاووهەوا، ناوچەی توێژینەوە، بە گوێرەی پۆلێنکردنی کوپن دەکەوێتە هەرێمی ئاووهەوای ئەستێپس ، نیمچەووشك(BSch) ، کە بە جۆرێك هاوینی گەرم و ووشك و زستانیشی سارد و بارانا وییە ،تێکرای بارانی سالانەی لە 500 ملم کەمترە و هەرە زۆری بارانەکەی لە نێو زستانی سالدا دەبارێت0(النقشبندي،1997،ص114)، ئەمەش کاریگەری لەسەر برەودان بە کەرتی ئابووری ناوچەی توێژینەوە و بە تایبەتی لە بواری کەرتی کشتوکاڵدا هەیە.بەشێوەیەك یارمەتیدەر بووە بۆ زۆربوونی

دانیشتوان و زیاتر بەکارهێنانی کەرستەی جۆراوجۆری خانوو، کە ئەمەش گومانی تێدا نییە، بایەخی هەلکەوتەی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە دەردەخات.

**نەخشەی (1) پێگەی پیرزین لە پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان(2021)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

1- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، 2022

**(2-1) رەهەندی مێژوویی:**

ئاماژە بە سەردەمە كۆنەكانی مێژوو، دەربارەی بەكارهێنانی كەرەستەی لۆكالی لە خانووی گوندەكانی عیراق كە هەرێمی كوردستان تێیدا بەشێكە،وامان لێدەكات گرنگی زیاتر بە لایەنی مێژوو بدەین،بەتایبەتی لە سروشتی كەرەستەكە ، تا چ رادەیەك بوونی هەیە و لەگەڵ ژینگەكەی خۆماندا تا چەند دەگونجێت ،ئەو دابونەریتەی لە دروستكردنی خانوودا هەیە بۆ پێنج هەزار سال پێش ئێستا دەگەرێتەوە(الانصاري، 2009،ص33)، ،پیرزین بە هۆی تایبەتمەندییە جوگرافیەكەیەوە، وەك زۆربەی گوندەكانی تری كوردستان؛ مێژوویەكی دێرینی هەیە، كە بۆ سەردەمە كۆنەكانی مێژوو دەگەرێتەوە، بۆیە شوێنەوارناسان ئەوە دووپات دەكەنەوە كە هەر لە كۆنەوە نیشتەجێبوون و ژیان لە نێو گوندەكەدا هەبووە،چونكە ناوچەكە زەوییەكی بەپیت و ئاوو هەوایەكی لەباری بۆ بەردەوام بوونی ژیاندا هەبووە0 (بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارو كەلەپوری هەولێر، 2022)

لە باشووری ناوچەی توێژینەوەدا،گردێكی بچووكی شێوە بازنەیی هەیە،وەك قەڵایەك وایە لە كۆندا دروستكراوە،بە گردێكی شوێنەواری ناسراوە،ئێستا گۆری پیاو چاكێكی تێدایە ناوی مەلازادەیە (اللهوني ، 2002،ص108)، جگە لەمە ناوچەكە گردێكی ئاست نزمتری هەبووە، كە بەگردی (دێگە) ناسراوە،دانیشتوانی تێدا نیشتەجێ بووە، ئێستا وەك خالێكی سەر نەخشەی شوێنەواری لێهاتووە كە قاپ و قاچاغی كۆن و گۆسكە و دەستاڕ و جۆرەها شتی تری لە نێودا دۆزراوەتەوە، هەروەها بیرێكی ئاوی لێ هەبووە، تاكو ئێستا ئەم بیرە ماوە، بەڵگەیە كە پیرزین گوندێكی كۆن بووە.(بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارو كەلەپوری هەولێر، 2022)

لەكاتی هاتنی سوپای ئیسلام ،خەڵكی پیرزین بەدەم بانگەوازەكەی ئیسلامەوە چووینە،بەڵگە لەسەر ئەوە هەیە كە سوپای ئیسلام لە نزیك ئەو ناوچەیەدا تێپەڕیووە، كە ئێستا گۆڕێكی تێدایە بەناوی حەمان ، دەگێرنەوە ئەمە گۆری سەحابەیەك بووە(یوسف،2022)، جگە لەمانە سەردەمانێك دانیشتوانی گوندی پیرزین پێكهاتبوون لە عەشیرەتەكانی(هەنارەیی وپیرەداسنی و مامە شێخی و مەلا شەریفی(سمایل،2004،لا120) ، هەرچی عەشیرەتی مام شێخی یە، شوێنەواری دیوەخانەكەیان تا ئێستا ماوە كە بە دیوەخانە كۆنەكەی مام عەدۆ ناو دەبرێت (یونس،2022)، بە تەمەنەكانی پیرزین دەگێرنەوە،مێژووی دروستكردنی دیوەخانەكە بۆ نزیكەی 90 ساڵ بەر لە ئێستا دەگەرێتەوە ،بەجۆرێك دیوەخانەكە لە كەرەستەی قوڕو دارو حەسیر بونیاتنراوە0

گوندی پیرزین،پێشتر خاوەنی دوو گۆمی ئاو بووە ، یەكێكیان بە گۆمەكەی پیرزین ناسراوە،كە قەبارەكەی زیاتر لە دۆنمێك دەبێت،لە كارێزی كەونە خانوو ئاوی بۆ هاتووە،هەرچی گۆمی دووەمە بچووكتربووە، بە گۆمی قەلاتی ناسراوە،سەرچاوەكەی لە كارێزی كوێخا خدر لە ئاقاری گوندی كۆلەكی بچووك بووە،شایەنی باسە ،خەلكی گوندی پیرزین بۆ دروستكردنی كەرەستە و خانووەكانیان سوودیان لە ئاوی ئەو گۆمانە وەردەگرت 0(قادر،2022) 0(***)

جێگای ئاماژە پێكرنە،كۆمەلگەی پیرزین دەكەوێتە نزیك گوندی پیرزینی كۆن، لە سالی1975 دەست بە دروستكردنی كراوە، بە پێی ئەو پلانەی حكومەتی عیراق ، بەناوی (ستراتیژیەتی كۆكردنەوەی گوندەكان) دایرشتبوو، بۆ مەبەستی دووبارە دابەشكردنەوەی دانیشتوانی گوندەكان، ئەویش بەهەلوەشاندنەوەی گوندە قەبارە بچوكەكان و یاخود ئەو گوندانەی لە یەكتر دوورن، بە جۆرێك بە مەبەستی خێرا گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆیان ،هەمووانی لە كۆمەلگەیەك كۆكردەوە ،( محمد ،2012 ،لا 85)،(****)، بە پێی ئەم پلانە، كۆمەلگە كە بە جۆری كەرەستەی خانووی بەردی چیایی و چیمەنتۆ و گەچ و ئاسن و شوشە00هتد، دروست بووە، ئەویش بۆ نیشتەجێبوونی ئەو خەلكانەی كە لە ناوچەكانی چۆمان و باڵەك و حاجی ئۆمەران وبەشێك لە گوندنشینانی ناحیەی رواندزی ئەو كات,(Rassol,1990. p.48-57) .

هەروەها لە راپەرینەكەی خەلكی هەرێمی كوردستان لە سالی 1991 دا، جەماوەری شاری هەولێر راپەرین، هەولێریان لە بەعس پاككردەوە،هەر لە هەمان كاتیشدا ئۆردوگاكانی قوشتەپە و مەلا ئۆمەر و جەدیدە وشاوەیس و تەنانەت ئۆردوگای پیرزینیش لەو راپەرینەدا ئازاد كران،(گۆڤاری پێشكەوتن،2013،لا15)، لەدوای دامەزراندنی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش ناوچەی توێژینەوە زیاتر ئاوەدان كراوەتەوە،تا ئێستا هەر بەو ئاوەدانییە ماوەتەوە،بە جۆرێك هەنووكە شێوەی لە نیمچە شارێك دەچێت،هیچ ئاسەوارێكی كەرەستەی خانووی گوندە كۆنەكەی تێدا نەماوە.

**2- جۆری كەرەستەی بەكارهاتوو لە دروستكردنی خانووەكانی پیرزیندا :**

ئەو كەرەستانەی كە لە دروستكردنی خانووی لادێكاندا بەكاردێن، لەلایەك پشت دەبەستن بە ڕادەی ئەو كەرەستانەی كە لە ناوچەكەدا هەیە،لەلایەكی تر،زۆربەی كات پشت بە ئاستی بژێوی جووتیارەكە دەبەستن ،كەواتە بەكارهێنانی جۆری كەرەستە لە

خانووەکاندا ، پەیوەستە بە بوونی ماددەکە و توانای دابینکردنی کەرەستەکان،لێرەدا گرنگترین جۆری ئەو کەرەستانەی کە لەدروستکردنی خانووی لادێکاندا بەکاردێت بریتین لەمانەی خوارەوە:- (اسماعیل، 2003، لا99)

ا- کەرەستەی سروشتی/ ئەو کەرەستانەن کە لە زەوییەوە دەردەهێنرێن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دروستکردنی خانوو بەکار دێن، وەك کەرەستەکانی قوڕ و چەگڵ و خشت و لم و دارو بەرد000هتد، کە ئەمانەش پێکهاتەیەکی سەرەتایی و سادەی خانووی نێو لادێکانن.

ب- کەرەستەی دروستکراو/ ئەم کەرەستانەن کە لە (کەرپووچ و بلۆك و بەردی ئەندازەیی و زیخ و چیمەنتۆو ئاسن و شیش و شووشە وکۆنکریت وکاشی و00 هتد) پێکهاتووە.بەجۆرێك شێوازی بەکارهێنانی ئەم کەرەستانە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە.

ناوچەی توێژینەوە، هەردوو جۆری کەرەستەکانی سروشتی و دروستکراوی لە دروستکردنی خانووەکاندا بەکارهێناوە، ئەمە جگە لە کەرەستەی بەستنەوە کە خانووە قورەکان بە مەوادی قور و کا و قەسەر بەیەکەوە دەبەسترێت و سواق دەدرێت ،بەلام لە جۆری خانووی بەرد و بلۆك ، بە قیمەی هەر یەك لە قوم و چیمەنتۆ بەکار دێت ، شایەنی باسە لە پێش سالانی توێژینەوەکە سەرجەم خانووی گوندەکە لە کەرەستەکانی جۆری قوڕو خشت و دار و حەسیر دروستکرابوون.(وێنەی 1)0

جێگای ئاماژە پێکرنە، بۆ بەهێزکردنی خانووەکانیان کەرەستەکانی قەسەر و کا یان لەگەڵ قوڕدا تێکەڵ دەکرد،بنمێچی ژوورەکانیش بە حەسیرو دار دروست دەکران ، بۆئەوەی بنمیچی ژوورەکان بەتەواوەتی دابخرێن ،هەردەم لە نێوان دارە گەورەکاندا ،چەند دارێکی باریکیان دادەنا کە پێی دەگووترا (شەقرە)، لەپاڵ ئەمەشدا چوارچێوەی پەنجەرەی خانووەکانیان لە دار دروستدەکران ، (یوسف،2022).

**وێنەی (1) چەند ژوورێکی کۆنە لە کەرەستەی قور و بنمیچەکەی لە دار وحەسیر دروستکراوە(*****)**



ئەم وێنەیە لە بەرواری ( 5 - 1 -2022) گیراوە

بەڵام لە سالی 2021 خانووەکانی ناوچەی توێژینەوە 4995 خانوو لەخۆ دەگرێت،بە شێوەیەك لە دروستکردنی خانووەکانیاندا بە کەرەستەی دروستکراو دەوڵەمەندن، بۆ نموونە لە خانووەکانیاندا کەرەستەکانی بنمیچی لاوەکی و شووشە و کاشی فەخفوری و مەڕمەڕ و جامی (PVC) و چیمەنتۆ و بلۆك و کاشی و شیش لە بری خانووی بە کەرەستەی کاریتە و قوڕو دارو خشت بەکار دەهێنن ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گۆڕانکارییەکی بەرچاو بە بەرامبەر سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا لە جۆری کەرەستەی بەکارهاتوو لە دروستکردنی خانوودا روویداوە، کە بەجۆرێك ئەو کات تەواوی خانووەکان لە جۆری کەرەستەی سروشتی قور بوونە.

ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەم سالانەدا بکرێت ، بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوو روویداوە، بەجۆرێك لە کۆتا ماوەی لێکۆلینەوەکەدا تەواوی خانووەکانی گوندی پیرزین بەشێوازی کەرەستەی نوێ درووست دەکرێن ، بەڵام لەماوەی پێش ساڵانی توێژینەوەکەدا لە دروستکردنی خانوەکانیاندا شێوازێکی سادەی تێدا بووە.( سەرۆکایەتی

شارەوانی پیرزین،2022) ئەمە جگە لە دابوونەریتی خەلكی گوندەكە دەربارەی دروستكردنی خانووی جۆری قور كە بە كەرەستەی خۆمالی یە ، هەروەها بەهۆی نزمی ئاستی بژێوی ژیانیان كە زیاتر بۆ دروستكردنی خانووەكانیان پشتیان بەو جۆرە كەرەستانە بەستووە كە لە نێو ژینگەی گوندەكەدا هەبووە، كە بەجۆرێك دەبێتە مایەی كەمكردنەوەی تێچوون و دواتریش توانای دروستكردنی خانوو زیاتر دەكات0

بە سەیر كردنی خشتەی (ژمارە 1) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە كە گۆرانكارییەكی بەرچاو لە نێوان سالانی (1977 -2021)، لە بەكارهێنانی جۆری كەرەستە لە دروستكردنی خانووەكانی پیرزیندا روویداوە؛ بەتایبەتیش لە بەكارهێنانی جۆری كەرەستەی خانووی قور كە بە تەواوی رووی لە نەمان كردووە، ئەوەتا لە سالی 1977 رێژەی كەرەستەی خانوو لە جۆری قور 15.6% بووە ؛كەچی بە دوای تێپەربوونی 44 سال ، رێژەكەی بە تەواوی رووی لە نزم بوونەوە كردووە ،بە جۆرێك بۆ سالی 2021 كەرەستەی ناوبراو گەیشتۆتە ئاستی نەمان، هەرچی خانووی لە كەرەستەی بەردی چیایی دروستكراوە، لە سالی 1977رێژەكەی زیاتر لە 84% بووە، كەچی دوای دە سال لە سالی 1987 رێژەكە بە رادەیەكی كەم بۆ 82.7% نزم دەبێتەوە، بەلام بۆ سالی 2008 رێژەكە نزمبونەوەیەكی بەرچاوی

**خشتەی (1) بەكارهێنانی جۆری كەرەستەو ژمارەی خانوو لە پیرزین (1977-2021) (******)**

| ساڵ | ژمارەی خانوو | قور % | بەردی دروستكراو % | بلۆك % | كۆ % |
|---|---|---|---|---|---|
| 1977 | 456 | 15.6 | 84.4 | - | 100 |
| 1987 | 567 | 7.6 | 82.7 | 9.7 | 100 |
| 2008 | 1454 | 0.3 | 30.9 | 68.8 | 100 |
| 2021 | 4995 | - | 4 | 96 | 100 |


سەرچاوە: ئامادەكردنی توێژەر بە پشت بەستن بە:

1- مديرية الاحصاء محافظة اربيل، ص 10-53 (مطبوعة بالرونيو غير منشورة)

2 – پاشكۆی (1)

بە خۆوە بینیوە گەیشتۆتە نزیكەی 31% جێگای ئاماژە پێكرنە،لە كۆتا ماوەی لێكۆلینەوەكەدا رێژەی خانووی بە بەرد دروستكراو بۆ 4% دادەبەزێت، بە واتایەكی تر تا رادەیەك لە ئاستی نەمان نزیك دەبێتەوە ، ئەمەش بۆ كەمی جۆری كەرەستەی بەرد ،تەنانەت بۆ زیاتر ئاراستەی بیروڕای هاولاتیان بۆ جۆری كەرەستەی بلۆك دەگەرێتەوە0 بەلام هەرچی خانووی لە جۆری كەرەستەی بلۆكە لەسەرەتای سالی توێژینەوەكەدا بوونی نەبووە ، كەچی دواتر لە هەریەك لە سالانی (1987،2008)دا بۆ هەریەكەیان رێژەكەیان 9.7 %و68.8% بووە ؛دواتر لە سالی 2021 كەرەستەی خانوو لە جۆری بلۆك نزیكەی لەتەواوی خانووەكانی پیرزین دا رەنگ دەداتەوە ، بەجۆرێك رێژەكەی دەگاتە 96% واتە كەرەستەكە بە بەراورد بە سالانی پێشووتردا بەرزبوونەوەیەكی بەرچاوی بە خۆوە بینیووە ، شێوەی (ژمارە 1 ) كە زۆر بە روونی گەشەسەندنی رێژەی سەدی كەرەستەی خانوو دەخاتە روو0

**شێوەی ژمارە ( 1 ) جۆری كەرەستەی بەكارهاتوو لە خانووەكانی پیرزین لە نێوان ساڵانی (1977-2021)**



سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە(1)

کەواتە بە پلەی یەکەم خانووی بە بلۆك دروستکراو لە کۆتا ماوەی توێژینەوەکەدا ڕێژەکەی لە هەردوو جۆری کەرەستەی بەردو قوڕ زیاتر بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەرەستەی بلۆك نرخەکەی تارادەیەك هەرزانەو هەروەها لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە داواکاری زۆر لەسەرە ، کە بە جۆرێك بە ئاسانی و بە خێرا بۆ دروستکردنی خانوو بەکاردێت، جگە لەمە بۆ بیناسازی توانایەکی بەهێزی هەیە0 ( وێنە2)

**وێنەی (2) خانووێك لە کەرەستەی بلۆك دروستکراو**



ئەم وێنەیە لە بەرواری (18 - 1 -2022 ) گیراوە

لە پاڵیشیدا ئەو سیاسەتەی پێشووی حکومەتی ناوەندی عێراق بەرامبەر بە لادێنشینان پەیرەوی دەکرد، بە دروستکردنی کۆمەڵگای زۆرەملێ کە پێکهاتەی خانووەکانیان لە جۆری کەرەستەی بەرد بوو بۆ ئەو خەڵکانەی کە لە ناوچەکانی باڵەك و حاجی ئۆمەران ڕاگواستراونەتەوە بۆ ئەم ناوچەیە لە دوای ڕێکەوتنامەی جەزائیر کە لە نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی 1975بەسترا. بە مەبەستی دانانی پشتێنەی ئاسایشی سنووری نێوانیان، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا ، هەروەها لەپاڵ ئەمانەش وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار لەحکومەتی هەرێم سیاسەتی دروستنەکردنی خانوو بە جۆری کەرەستەی قوڕ لە ناوچەی توێژینەوەدا پەیرەو کرد(محمدامین، 2022) ئەمانەش هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی خانوو لە جۆری کەرەستەی قور گۆڕانکاری بەسەر دابێت و تەنانەت ڕێژەکەی کەمتر بێت بەرامبەر بە کەرستە دروستکراوەکانی تر0

**(1-2) بیردۆزی خانووی لادێی پێشکەوتوو The expanding rural house**

ئەم بیردۆزەیە کە لەسەر بنچینەی ئاراستە و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو داواکارییەکان بونیاتنراوە، کە ڕووبەڕوی کۆمەڵگەی لادێی نوێ لە قۆناغە پێشکەوتووە جیاجیاکاندا دەبێتەوە، جا چ لە ناوچەی پلان دانانێکی کەم مەودا یاخود پلان دانانی درێژ مەودا بێت، بە گوێرەی ئەم بیردۆزە، دروستکردنی خانووی لادێی پێشکەوتوو بە گوێرەی ئەڵقەیەکی گەیاندنە لە نێوان ژینگەیەکی کۆنی جوتیار و هەروەها لە نێوان ئەو ژینگە نوێیەی کە لە ئێستادا هەیە، ئەمەش دەرەنجامی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە لادێنشین لە کاتی دروستکردنی خانووەکەیدا تووشی کارەساتێکی فسیۆلۆجی لەناکاو نابێتەوە،لەو ڕووەوە لادێنشین لەسەرەتای دروستکردنی خانووەکەیدا ، ئازاد دەبێت لەوەی کە کەرەستەی خانووەکەی لە سروشتەکەی خۆیەوە وەرگرێت ، بەڵام بە مەرجێك بەکارهێنانی کەرەستەی قورو هەر کەرەستەیەکی تری وەرگیراو لە سروشتدا،پێویستە بە ڕێگایەکی نوێگەرانەی تایبەتمەندییە سروشتییەکانەوە بێت ، کە بە شێوەیەك لەگەڵ ئان و ساتی پێشکەوتنەکەدا بگونجێت، کەواتە لە نێو ئەم قۆناغەدا، لادێنشینان لە ریگەی ژیان و شێوازی بژێوییەکەیدا ،هەردەم دل و گیانی بە ژینگە سەرەتاکەیەوە بەستراوەتەوە، (ابراهیم،لا166)0

به گوێرەی بیردۆزی خانووی لادێی پێشکەوتوو جێبەجێکردنی ڕێچکەکانی ئەم بیردۆزە لەسەر مۆرفۆلۆجیا و خانووی گوند لەو وولاتانەی کە لە رووی کەرتی ئابورییەوە پێشکەوتوون ، ئەوا جێبەجێکردنی لە بەکارهێنانی کەرەستەی خانوو لە نێو ئەو لادێیانەدا ئاسانە ،بەلام بە پێچەوانەوە جێبەجێکردنی ئەم بیردۆزە لە بەکارهێنانی نێو خانووی گوندە لاساییەکان لە وولاتانی دواکەوتوودا، رووبەرووی کۆمە لێك گیروگرفت دەبێتەوە، لەکاتی هەولدانی پێشکەوتنی نێوان هەریەك لە تەرزی کەرەستەی بەکارهاتووی ئێستای گوند و کرداری تەرزەکانی پەرەپێدانی نوێی گوندەکاندا0

شایەنی باسە،بە گوێرەی بیردۆزی خانووی لادێیی پێشکەوتوو، لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانووی لادێیدا ،کە ڕێچکەکەی لە زۆربەی وولاتانی پێشکەوتووی جیهاندا کاری پێ دەکرێت ، بۆمان دەردەکەوێت کە ناوچەی توێژینەوە لە رووی بەکارهێنانی جۆری کەرەستە لە نێو خانووەکانیدا سەرجەمیان بەدەرە لە هاوتاکردن لەگەل ڕێچکەی بیردۆزەکە، ئەمەش بۆ زۆر هۆکار دەگەرێتەوە، هەرە دیارترینیان بۆ نەبوونی یاخود کەمی پلانێکی زانستی دروستە لە لایەن کار بەدەستانی پەیوەست بەم بابەتەوە0

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئێستا کەرەستەی بنەڕەتی پێکهاتەی خانووەکانی پیرزین سەرجەمیان لە جۆری کەرەستەی (بەرد و بلۆك )ە، بە جۆرێك تەنها خانووێکی سەربەخۆ نەماوە کە لەجۆری کەرەستەی سروشتی وەك قور دروستکرا بێت0

**3 - ئەو هۆكارانەی كە كاردەكەنە سەر بەكارهێنانی كەرەستەی خانوو لە پیرزین:**

هەرچەندە ئەمرۆ خانووی بەرچاوی لادێکان لە زۆر لایەنەوە لە شێوەی خانووەکانی شار دەچن، لەپال ئەمەشدا کۆمەڵێك هۆکار هەن کە لە کاتی دروستکردنی خانووەکاندا ئاسەوارێکی جیایان هەیە، کە لادێنشینان رەچاوی دەکەن،جا بەگوێرەی جۆری ژینگەکەیە کە لادێنشینەکان لە پێکهاتەی خانووەکانیاندا بەهەندی وەردەگرن، یاخوود بەگوێرەی ئەو پێشکەوتنەیە کە بۆ دروستکردنی خانوەکانیان کاری لەسەردەکەن،لێرەدا گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەی خانوو لە پێکهاتەی خانووەکانی پیرزین دا هەیە دەخەینە ڕوو:

**(3 - 1 )هۆكارە سروشتییەكان:**

هۆکارە سروشتییەکان ، رۆلێکی بەرچاویان لە بەکارهێنانی کەرەستەی خانووی لادێکان و هەروەها لە دابەشکردنی مەلبەندی نشینگە لادێیەکاندا هەیە، بۆیە هەر یەك لە زانایان (جلبرت و ستیل)، لە سەر ئەوە کۆکن کە خانووی لادێکان دیاردەیەکی شارستانین کە بە چەند هۆکارێکی سروشتییەوە بەستراونەتەوە (صقر،2005،ص30)، شایەنی باسە،ئەو هۆکارە سروشتییانەی کە کاریگەرییان لە بەکارهێنانی کەرەستەی خانوو لە دروستکردنی خانووەکانی ناوچەی توێژینەوەدا هەیە، بریتین لە-:

**ا- ئاووهەوا:**

ئاووهەوا،بە یەکێك لەو هۆکارە سرووشتییانە دادەنرێت کە کاریگەری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی هەیە لە سەر شێوازی خانووی نشینگە لادێیەکان و تەنانەت لە بەکارهێنانی جۆری ئەو کەرەستانەی کە بۆ خانووی لادێکاندا بەکار دێت،(Ergin,2015.p24) سەبارەت بە ئاووهەوای ناوچەی توێژینەوە وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا ،دەکەوێتە هەرێمی ئاووهەوای ئەستێپس نیمچەووشك BSch کە بە جۆرێك هاوینی گەرم و ووشك و زستانیشی سارد و باراناوییە، گومانی تێدا نییە،ئاوو هەوا چەند رەگەزێکی سەرەکی لە خۆ دەگرێت،لە پێش هەمووان رەگەزی پلەی گەرما یە ، دواتریش هەریەك لە رەگەزەکانی باران و شێ00هتد، دێت0

بەسەیرکردنی خشتەی (ژمارە 2)،بۆمان دەردەکەوێت کە رەگەزەکانی پلەی گەرما و باران و شێ لە نێوان سالانی (2008-2021)، گۆرانکاری لە نێو ئەم رەگەزانەدا هەیە،بەجۆرێك لە سالی 2008دا تێکرای پلەی گەرمای سالانە زیاتر لە 32 پلەی سەدی بووە،لە پالیشیدا بری بارانی سالانە نزیکەی 498 ملم بووە،ئەمە جگە لە تێکرای رادەی رێژەی شێ کە نزیکەی 55% بووە، کەچی لە سالی 2015 پلەی گەرمای سالانە دەگاتە 19،6 وە لەهەمان سالدا بری بارانەکەی گەیشتۆتە زیاتر لە358 ملم و هەروەها رێژەی شێ زیاتر لە 44% بووە،شایەنی باسە بە تێپەربوونی شەش سالان لە سالی 2021 تێکرای پلەی گەرما تارادەیەك بەرزبوونەوەی بە خۆوە بینیووە، گەیشتۆتە 22،1 بری بارانەکەشی گەیشتۆتە 194،6ملم،بە شێوەیەکی بەرچاو رووی لە نزم بوونەوە کردووە، هەروەها رێژەی شێ بۆ 34،7% 0

**خشتەی ژمارە(2) تێکڕای پلەی گەرما و بڕی باران و ڕێژەی شێ ی ساڵانە لە پیرزین (2008-2021) (*******)**

| سال | پلەی گەرما (سەدی) | باران (ملم) | شێ % |
|---|---|---|---|
| 2008 | 32،3 | 497،8 | 54،9 |
| 2015 | 19،6 | 358،1 | 44،2 |
| 2021 | 22،1 | 194،6 | 34،7 |

سەرچاوە/ ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە:

1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، 2022 داتای بڵاو نەکراوە.

2-بەرێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکالی هەولێر،2022 داتای بلاونەکراوە0

گومانی تێدا نیە ،بوونی ئەم شێوازە گۆڕانکارییەی لە رەگەزەکانی ئاووهەوا کە ئاماژەمان پێکرد ،کاری کردۆتە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی جۆری کەرەستە لە دروستکردنی خانوو لە پیرزیندا ،کە لە نێوان ئەو ماوەیەدا خەڵکان خانوو بەپێی جیاوازی و بری باران ورادەی شێ و پلەی گەرما دروست بکەن،ئەوەتا ئێستا لە گەرەکی گوندی پیرزیندا دەردەکەوێت کە ماددەی سەرەکی هەرە زۆری خانووەکان لە جۆری کەرەستەی بلۆك پێکهاتوون کە بە پشتێنەیەکی فراوانیش لە ناوچەی توێژینەوەدا بڵاو بۆتەوە، بە جۆرێك بەرگری باشە و تا رادەیەك توانای هەیە بۆ کەمکردنەوەی تینی گەرما ، تەنانەت خۆراگرە لە بەرامبەر ئەو هێزە شێدارەی کە لە ناوچەکەدا هەیە(مهنا،2020،ص99 ) ئینجا دواتر خانووی لە جۆری کەرەستەی بەرد دێت،کە ئەم کەرەستەیە تارادەیەکی بەرچاو خۆراگرە لە بەردەم شێداری0

سەبارەت بە دیوارەکان لە خانووە قورەکانی گوندی پیرزینی کۆن ، ئەستوورییەکەیان گەیشتۆتە نزیکەی (50)سم، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رادەیەك لە بەرزی ئەو پلەی گەرمایەی لە وەرزی هاویندا هەیە،ئەمە جگە لە وەرزی زستاندا کاریگەری شێی لەسەر کەم دەبێتەوە، لە پالیشیدا بۆ بەهێزکردنی بینای خانووەکانیشە کە زۆربەی دیوارەکانیان پەرژینیان تێدا هەیە، بە هۆی بری ئەم بارانەی کە لەو ماوەیەدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، روبەرووی کەشکاری ڕاستەوخۆ دەبێتەوە ، وەك ئاشکرایە گوندەکە کە پێشتر و تەنانەت لە سالی2008 یش، تەنها چوار ماڵی تێدا هەبووە، کە لە کەرەستەی قوڕ دروستکراوە،بە جۆرێك لە ئەنجامی کاریگەری ئەو شێ یەی کە تێکڕای ڕێژەی ساڵانەکەی لەم ماوەیەدا بەشێوەیەکی بەرچاو بە دەردەکەوێت،بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی دیوارەکانیان دووچاری شەق بوون بێتەوە ، بۆیە بۆ پاراستنی دیواری خانووەکانیان لە ڕووخان، خەڵکە کە ساڵانە دووبارە بە قوڕ چاکیان کردۆتەوە0

هەروەها بنمیچی خانووەکان، لە سەرەتای ماوەی توێژینەوەکە تا سالی 2008 لە بەشی گوندەکە، زیاتر لە دارو حەسیر و قوڕ دروستکرا بوو، بەجۆرێك لەگەڵ هەر یەك لە قەسەر و کا دا تێکەڵ دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا رادەی خۆراگری بەرامبەر شێداری و باران تارادەیەك گونجاو نیە، زۆرجار بە باران تێك دەچێت لەبەر ئەمە ساڵانە چاکی دەکەنەوە، بۆیە لە ئێستادا لە نێوخانووی کۆمەڵگەکەدا کە هەریەك لە گەرەکەکانی ئاشتی ئازادی و گولان لەخۆ دەگرێت ، هەرە زۆری بنمیچی خانووەکانیان بە کەرەستەکانی چیمەنتۆ و کەرپوچ و شێلمان دروستکردووە کە بە سەقفی سەر چاتی ناو دەبرێت ، بە ئەنگەلاین و کەرپوچ دروست دەکرێت و ماددەی چیمەنتۆشی بەسەردا دەکرێت ،کە باران زۆر کاری تێناکات ،هەرچی بەشەکەی ترە، بە سەبی (مسلح) ناودەبرێت کە بە ماددەکانی شیش و چیمەنتۆ دروست دەکرێن 0

جگە لەمەش زۆربەی خانووەکانی پیرزین لە ئێستادا لە کەرەستەی بلۆك و بەردو بە چیمەنتۆ و دەرگای ئاسن و هەروەها پەنجەرەی شوشە بە چوارچێوەی ئاسن و کەرەستەکانی ئەلەمنیۆمPVC و بنمیچی لاوەکی، تەنانەت بەمادەی گەچیش دروستکراوە.(سەردانی مەیدانی ،2022) بە جۆرێك لە سالی 2021 سەرجەم ئەو خانووانەی دروستکراون لە بەکارهاتووی کەرەستەکانی بلۆك و بەرد بە چیمەنتۆیە،تا لەخانووەکانی گەرەکی گوندەکەش، تەواوی خانووەکانی لە جۆری ئەم کەرەستەیە

دروستکراون،چونکە ئەم کەرەستانە بەرگرییان باشەو تارادەیەك توانایەکی هەیە بۆ کەمکردنەوەی گەرما و ودەنگەکان بەتایبەتیش لە کەرەستەی بلۆك0 (الانصاري،2009،ص33)

**ب- بەرزی و نزمی:**

بەرزی و نزمی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر بەکارهێنانی جۆری ئەو کەرەستانەی کە لە دروستکردنی خانووەکاندا بەکار دێن، ئاشکرایە ،جۆری ئەو کەرەستانەی کە لە خانووە دەشتاییەکاندا بەکاردێن ، بریتین لە قوڕو دارو حەسیر..هتد کە زیاتر بەرگەی کەش و هەوایەکی گەرم دەگرن ،بە پێچەوانەوە لەگەڵ ژینگە چیاییەکاندا جیاوازە کە بەجۆرێك خانووەکانیان لەو جۆرە کەرەستانە دروستدەکرێن کە لە ناوچەکەدا بوونی هەیە،وەك بەردی چیایی هەروەها ماددەی بەستنەوە بۆ پێکەوەنووسانی پارچەکان، کە زیاتر بەرگەی سەرماو شێ و باران و بەفر دەگرێت، (جابر،2002،ص55).

بۆیە ناوچەی توێژینەوە، بەشێکیان لە پێکهاتەی خانووەکانیاندا ،لە سالی 1977 ئەو جۆرە کەرەستانەیان بەکار هێناوە کە لە نێو ژینگە دەشتاییەکاندا هەبووە،وەك لە سالی 2008 تێبینی دەکرێت کە لە چوار ماڵە قوڕەکەدا هەبووە، بەڵام لە سالی 2021 بەهۆی ئەو پێشکەوتنە جۆراوجۆرەی لەم بوارەدا هەیە،ئەم جیاوازییەی کە لە نێوان ژینگە چیاییەکان و ژینگە دەشتاییەکاندا هەبووە کەمیکردۆتەوە، بە شێوەیەك پێکهاتەی خانووی لە جۆری کەرەستەی سرووشتییەوە گۆری بۆ جۆری کەرەستەی دروستکراوی نوێ، ئەوەتا لەو ئان و ساتەدا بۆ دروستکردنی خانووەکانیان زیاتر کەرەستەی دروستکراوی وەك بلۆك و مەرمەر و بەردو کەرپووچ ..هتد ، بەکاردەهێنن، کە شێوازێکی نوێی پێوە دیارە. (سەردانی مەیدانی ،2022)

**( 2-3 ) هۆکارە مرۆییەکان:**

هۆکارە مرۆییەکان، کاریگەرییان لە هۆکارە سروشتییەکان ،لە رووی پەیوەندییان بە دابەشبوونی نشینگە لادێکان و بەکارهێنانی جۆری ئەو کەرەستانەی کە لەپێکهاتەی خانووەکاندایە کەمتر نی یە, لەگەل ئەمەشدا زۆرجار ناتوانین بەگوێرەی کاریگەر و ئاسەواریان لەگەل هۆکارە سروشتیەکاندا جیایان بکەینەوە. وەك ئاشکرایە، هۆکارە مرۆییەکان، کاریگەرییان لەسەر قەبارەی دابەشبوون و هەڵبژاردنی شوێنی لادێکان و هەروەها بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوو لەلادێکاندا دیارە(محمد،1982، ص175) لێرەدا گرنگترین ئەو هۆکارە مرۆییانەی کە کاریگەرییان لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوو لە ناوچەی توێژینەوەدا هەیە دەخەینە ڕوو:

**ا- هۆکارە ئابوورییەکان:**

هۆکارە ئابورییەکان ، بە گرنگترین ئەو هۆکارە مرۆییانە دەژمێردرێن، کە پەیوەستن بە ئاستی بژێوی مرۆڤەکان کە بە جۆرێك لە لادێکاندا چۆن بەرەو شارەکان برۆن، هەروەها توانای خەرجی گواستنەوەی ڕۆژانەیان بۆ شارەکان چەندە؟ بوونی داهاتی بەردەست بۆ مەبەستی دروست کردنی خانوو، تەنانەت بۆ بەکارهێنانی مادده جۆراوجۆرەکانی نێو پێکهاتەی خانووەکاندا چەندە؟ (البطيحي وخطاب،1982، ص270)

شایەنی باسە ،ئەگەر کیانێکی ئابووری گەش لەناوچەی توێژینەوەدا هەبێت ،ئەوا گەشە ئابوورییەکە دەبێتە پالنەرێکی وا کە خانووەکانی گوندەکە لە سەر شێوازێکی سەردەمیانە بونیات بنرێتەوە، بۆیە کاریگەری ئابوری ڕۆڵێکی گرنگی لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوو لە پێکهاتەی خانووەکانی پیرزیندا هەبووە، چونکە لە کۆندا جوتیارەکان ئاستی بژێوییان گونجاو نەبووە و داهاتەکانیان سنووردار بووە،پیشەیان تەنها کاری کشتوکاڵکردن بووە، بە جۆرێك لە توناییاندا نەبووە کەرستەی نوێ بۆ دروستکردنی خانووەکانیان بکرن ، بۆیە زۆر جار بە شێوەی هەرەمەکی یاخوود کەرەستە سروشتییەکانیان بە ناچاری بەکار هێناوە، کە سەرچاوەکەی لە نێو گوندەکەدا هەبووە, بەڵام لە ئێستادا توانا و ئاستی بژێوی خەلکەکە تا رادەیەك باشتر بووە ،بە جۆرێك ناوچەکە بازارو چەندین دوکانی هەمەجۆری پیشەسازی لە خۆ دەگرێت و هەروەها بەشی هەرە زۆری خەڵکی پیرزین فەرمانبەری حکومەتن و چەندین دکتۆرو ئەندازیارو000هتد تێدایە ، بۆیە هەندێك لە ماڵەکان تا رادەیەك بە شێوازێکی نوێگەریانە کەرەستەی نوێ لە پێکهاتەی خانووەکانیان بەکاردەهێنن،بە شێوەیەك بەهۆی نزیکی لە سەنتەری شاری هەولێرەوە ئەم جۆرە کەرەستانەی وەك بلۆك و گەچ و چیمەنتۆ و بەردی مەڕمەڕ و حەلان و پەنجەرەی ئەلەمنیۆم و(pvc) و کاشی و شوشە و بنمیچی لاوەکی و ئەوانەی کە بۆ دروستکردنی خانوو جوانن دەیانهێنن ،(یونس،2022) 0

لەگەل ئەمەشدا بەکارهێنانی زەوی و باشبوونی هۆیەکانی وەبەرهێنان لە ناوچەکەدا رەنگدانەوەیەکی ئیجابی لە دروستکردنی ناوەندەکانی نیشتەجێبوونی نزیك لەم شوێنەدا هەیە، بۆ نموونە ئەم شوێنانەی کە نزیکن لە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان یاخوود لە هەر پرۆژەیەکی دی، کە بە ناوەندێکی چالاکی گەورە دەیانبەستێتەوە،دەبێتە ناوەندێك بۆ راکیشانی خەلك بۆ نێو ئەم ناوچەیە، بەمجۆرە خانووی سەردەمیانە بە جۆری کەرەستەی نوێی تێدا دروست دەکرێت ، وەك پرۆژەی کۆمپانیای مەنسوور بۆ دروستکردنی کابینەی خانوو کە لەناوچەی توێژینەوەدا بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت0

**ب- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:**

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەریان لە وولاتە پێشکەوتووەکان بە بەراورد بە وولاتە تازە پێکەیشتووەکان کەمترە، بە جۆرێك ئەم دیاردەیە زیاتر لە وولاتانی تازە پێگەیشتوودا بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە دانیشتوانەکەی زۆربەی لەسەر نەریتێکی عەشایەرگەرین. بۆیە هەرکاتێك مرۆڤـەکان ئاستی شارستانێتیەکەیان زیاتر پەرەبسێنێت، لە پالیشیدا کاریگەری کۆمەلایەتی لەسەریاندا کالتر دەبێتەوە و زیاتر خۆی لەگەل ژینگەکەیدا دەگونجێنێت،(محمد ،1982، ص198) گومانی تێدا نییە،گوند بریتی یە لەوێنایەك کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی مرۆڤـە بە ژینگە سروشتییەکەیەوە، لەگەل ئەمەشدا داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی دیارکراوی هەیە کە بە جۆرێك لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تریش جیاوازی هەیە۰(اسماعیل،2003،ص99)

خەلکی ناوچەی توێژینەوە، لەسەرەتا پیشەکەیان کاری کشتوکاڵکردن بووە، ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ بونیاتنانی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری ، بەجۆرێك داب و نەریتیش لەو پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیانەیە کاریگەری لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەی خانوو بۆ دروست کردنی خانووەکانیاندا هەبووە،بۆ نموونە،پیرزین هەموو خانووەکانی گوندەکەی پێشتر لە جۆری کەرەستەکانی قوڕ و کا و دار و حەسیر دروست کرابوو، گومانی تێدا نییە،بە گوێرەی ئەو دابوونەریتەی کە لە ئارادا بووە،دیسان خانووەکانیان لە هەمان ئەو جۆرە کەرەستانەدا دروست دەکردەوە ، تەنانەت ئەو کات ماڵی ئاغاش لە جۆری کەرەستەی قوڕ دروست کرابوو، لەگەل ئەوەشدا ئاستی بژێویان باش بووە، وەك لە دیوەخانە گەورەکەی مام عدۆ بەرچاو دەکەوێت کە پەیوەست بووە بە دابوونەریتی خەلکی نێو گوندەکە ، (وێنەی 3)0

**وێنەی (3) دیوەخانەکەی مام عەدۆ لە کەرەستەی قور دروستکراوە**



ئەم وێنەیە لە بەرواری (7 - 2--2022 ) گیراوە

بەڵام لە ئێستادا لە ئەنجامی پێشکەوتن و چاککردنی ڕێگاوبانەکان، خەلکەکە دەتوانن بۆ نێو شارەکان هاتووچۆ بکەن ،کە بە هۆیەوە تایبەتمەندییەکانی شار بۆ نێو گوندەکەیان بگوازنەوە، بەمجۆرە کاریگەری ئەم داب و نەریتە کۆمەلایەتییە زیاتر کەم بکەنەوە، بۆیە جۆری کەرەستەی خانووەکانیان لە کەرەستەی سروشتییەوە گۆڕی بۆ و کەرەستەی دروستکراوی وەك بلۆك و بەردی

حەلان پەنجەرە (pvc)و بنمیچی لاوەکی و چیمەنتۆو بەرد000 هتد ,جگە لەمە دروستبوونی کۆمەلگەی پیرزین لە سالی 1975 هۆکارێکی سەرەکی بوو، بۆ بەکارهێنانی کەرەستەی دروستکراوی نوێ لە پێکهاتەی خانووەکانی گوندەکەدا، بە جۆرێك ئەو کات حکومەتی عیراق خەلکی چیاکانی بۆ نێو ئەم کۆمەلگەیە راگواستەوە بە شێوەیەك پێکهاتەی خانووەکانی ئەم کۆمەلگەیەی بە کەرەستەی بەردی چیایی دروستکرد ، چونکە ئەم کەرەستانە لەگەل حەزو ئارەزوی خەلکانی نێو ژینگە چیاییەکان دەگونجا، تەناتەت دواتر ئەم شێوازە پێکهاتەیە لە دروستکردنی بیناسازیدا، بۆتە چاولێکەرییەك کە خەڵك بۆ دروستکردنی خانووەکانیان بەرە بەرە روو لەو جۆرە کەرەستانە بکەن، کە لە نێو پێکهاتەی خانووەکانی کۆمەلگەکەدا هەبووە، (یونس،2022)0

**پ- هۆکارە رامیارییەکان:**

هۆکاری ڕامیاری، رۆلێکی بەرچاوی لە قەبارەی نیشتەجێبون و پەرەسەندنی لادێکاندا هەیە، جا چ لەرووی شێوە یان لە رووی بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوو بە تایبەتیش لە لادێکانی هەرێمی کوردستاندا. جێگای ئاماژە پێکردنە،ئەو کات لە ئەنجامی نەبوونی کیانێکی ڕامیاری ، بۆتە ئەوەی بەشێك لە کوردستانی باشوور بکەوێتە ژێر رکێفی حکومەتی عێراق ،کە ئەو کات بیری لەپلانێکی ئەوتۆ بۆ گەشەپێدانی گوند لە زۆربەی گوندەکانی هەرێمی کوردستاندا نەکردۆتەوە (اللهوني،2002،ص84) جگە لەمە لە دوای رێککەوتنامەکەی جەزائیری ساڵی 1975 لە نێوان هەردوو ولاتی عێراق و ئێران دژ بە گەلی کورد، بووە هۆی ئاوارەبوونی گوندنشینانی سەر سنوور بۆ نێو کۆمەلگە زۆرە ملێ یەکان کە بە جۆرێك ئەم کۆمەلگانە لە دەوروبەری شارەکان و نزیك لە گوندەکان دروست دەکران0

(پیرزین )یش، بە یەکێك لەو گوندانە هەژماردەکرێت، کە لەسالی 1975دا کۆمەڵگای پیرزینی لە نزیك گوندی پیرزیندا بۆ دروستکرا، دواتریش گوندنشینانی ناوچەکانی چۆمان و باڵەك و حاجی ئۆمەران و بەشێك لە گوندنشینانی ناحیەی رواندزی ئەو کات ، وەك پیشتر ئاماژەمان پێکرد تێیدا نیشتەجێ کران، بەم شێوەیە جۆری کەرەستەی خانووی نوێ لە پێکهاتەی خانووەکاندا بەکارهات، کە پێکهاتبوو لە بەرد و چەکڵ و چیمەنتۆ و شێلمان و گەچ و بەنجەرەی شووشە بە چوارچێوەی ئاسن و زەوی رێژکراو بە چیمەنتۆ 00هتد، کە بە بەراورد لەگەڵ کەرەستەی خانووی گوندەکە جیاوازییەکی تەواوی هەبوو ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوودا هەیە، کە بە جۆرێك شێوازی خانووی گوندەکەی لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستەکانی قوڕ و کا و دار و حەسیر گۆڕی بۆ کەرەستەی دروستکراوی خانووی بەرد ، کە پێکهاتبوو لە بەرد و چیمەنتۆ و چەکڵ و گەچ و بلۆك و ئاسن و شووشە٠ 00هتد، (وێنەی 4)

**وێنەی (4) خانووێك کە لە جۆری کەرەستەی بەرد ودەرگاکەشی لە ئاسن دروستکراوە**



ئەم وێنەیە لە بەرواری (7-2-2022) گیراوە

شایەنی باسە ،لە دوای راپەرینەکەی سالی (1991)،ئەنجوومەنی فەرمانگەی شارەوانی پیرزین،سیاسەتێك لەمر بارەوە پەیرەو دەكات،كە بە جۆرێك قەدەغەی كردووە خانوو لە جۆری كەرەستەی سروشتی وەك قور دروست بكرێت0 ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاندەرێكە كە خەڵكەكە جۆری كەرەستەی خانووەكانیان بۆ ماددەی دروستكراوی وەك ،بلۆك و ئاسن و چیمەنتۆ چەگل وگەچ و بەرد و حەلان و ئەلەمنیۆم و00هتد،بگۆڕن، لەپاڵ ئەمەشدا حكومەتی هەرێم چەند داموودەزگایەكی خزمەتگوزاری وەك،قوتابخانە، نەخۆشخانە، بەنزینخانە000هتد، دروست كردووە، كە لە پێكهاتەی بیناكانیاندا كەرەستەی دروستكراوی وەك (بلۆك وچیمەنتۆ و پەنجەرەی چوارچێوە ئەلەمنیۆم و بەكارهێنانی گەچ و ئاسن00هتد) یان بەكارهێناوە0

**ت- هۆكاری گواستنەوە:**

پێشكەوتنی هۆیەكانی گواستنەوە و رێگاگانی گواستنەوە، لادێنشینانیان وا لێكردووە كە زیاتر بەندوباریان بە شارەكانەوە هەبێت ،بەجۆریك ئەو جیاوازییە شارستانییەی نێوان هەر یەك لە دانیشتوانی شار و گوند دایە كەمتر دەكەنەوە، ئەویش لە ئەنجامی زیاتر پەیوەست بوونیان بەیەكەوە، هەموو خزمەتگوزارییەكانی شار وەك پیشەسازی و بازرگانی و رۆشنبیری دەگەنە نێو گوندەكان، جگە لەمە بوونی خزمەتگوزارییەكی وەك ئوتۆمبیل لە نێو رێگاكاندا وایكردووە كە خەلكی شارەكان زیاتر بتوانن لە نێو گوندەكاندا نیشتەجێ بن ، لە هەمان كاتیشدا لە نێو جەرگەی شارەكاندا كار بكەن 0(الطفیلی،2009،ص15) بەلام بە پێچەوانەوە، دووری گوند و خراپی رێگاوبان و كەمی هویەكانی گواستنەوە بەتایبەتیش لە وولاتە تازە پێگەیشتووەكاندا دەبێتە بەربەستیك بۆ ئەو پێشكەوتنە سروشتی یەی كە لە شارەكاندایە نەگەنە نێو گوندەكان0

شایەنی باسە، پیرزین بە دوو رێگای سەرەكی بە شار بەستراوەتەوە، یەكێكیان رێگای (عەنكاوە– كرك -پیرزین )ە،كە درێژییەكەی دەگاتە نزیكەی١٠ كمر ، لە پۆلینی رێگای باش و قیرتاوكراوە،هەرچی ئەویتریانە رێگای (پیرزین- هەولێر)ە،كە ئەمر رێگایە بە هۆی رێگای ناوەخۆی پیرزینەوە ،بە رێگای سەرەكی هاملتۆنەوە دەبەستێتەوە، كە لە پۆلینی رێگای بەرزەو قیرتاوكراوەكانە، (عەزیز،2011،لا 68-69)،بەجۆرێك ئەمر رێگایانە مەوداكەیان كورت كردۆتەوە بوونەتە یارمەتیدەرێك بۆ خەلكی پیرزین تا بە ئاسانی بەشارەكانەوە پەیوەست بن ،لە پالیشیدا كاریگەری تایبەتمەندی شارەكان بەئاسانی بە سەریاندا رەنگ بداتەوە، بەجۆرێك بۆ دروستكردنی خانووەكانیان كەل و پەل و كەرەستەكانیان بە ئاسانی بگەیننە نێو گوندەكەیان0 شایەنی باسە، لەسەر رێگای (پیرزین – هەولێر) كە رێگایەكی سەرەكییە لە ناوچەی توێژینەوە، تا رادەیەك جۆری كەرەستەی خانووەكانیان شێوازێكی دروستكراوی نوێی پێوە دیارە0هەروەها لەسەر رێگای (عەنكاوە- كرك - پیرزین)دا،بە هەمان شێوە، هەمر بۆ رازاندنەوەی شێوەی خانووەكانیان كە دەكەونە سەر ئەمر رێگایە، خانووەكانیان بە پێكهاتەی مەرمەرو جۆری دیواری كاشی وبەردی حەلان00هتد، دروستكراوە (وێنەی 5).

**وێنەی (5) خانووێك لە جۆری بەردی مەرمەر وپەنجەرەی ئەلەمنیۆم لە سەر رێگای پیرزین-كرك- عەنكاوە**



ئەمر وێنەیە لە بەرواری (9 -3 -2022 ) گیراوە

**ج- هۆکاری پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا:**

تەکنۆلۆژیا هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە رۆڵێکی گەورەی لە پێکهاتەی بیناسازیدا هەبووە، تەنانەت رەنگدانەوەیەکی راستەوخۆی لە دارشتنی گشت ئاستەکانی بیناسازیدا هەیە،گرنگترین ئەو رەنگدانەوەیەش بایەخدانە بە بواری جۆرەکانی کەرەستە لە پێکهاتەی خانووەکاندا، چونکە تەکنۆلۆژیای نوێ بەتاکە وەسیلەیەك دادەنرێت بۆ گۆرینی بیناسازی بە جۆرێك وا دەکات کە دیزاینی خانووەکان لەگەل رۆحی سەردەمدا پێشکەوێت0( المسهلي ,2017,ص152)0

شایەنی باسە،ناوچەی توێژینەوە تا ناوەراستی سالی حەفتاکانی سەدەی رابردوو،داب و نەریتەکەی خۆی لە رووی بەکارهێنانی کەرەستەی سروشتییەوە پاراستبوو، بەلام دوا بە دوای درەستکردنی کۆمەلگەی پیرزین بە جۆری کەرەستەکانی دروستکراوی وەك دەرگای ئاسن و دیواری بە بەرد و پەنجەرەی شووشەو بەکارهینانی مادەی چیمەنتۆ ، ئەویش بە پلانێکی نوێی کاری ئەندازیاری لە تەنیشت گوندەکەدا، بووە هۆکارێك کە ناوچەی توێژینەوە دەرگای خۆی لە رووی کەرەستەی خانووەوە بە جیهانی دەرەوەی خۆیدا بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە ئێستادا بە هۆی ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیایەی لە بواری هۆیەکانی خزمەتگوزارییەوە سەری هەلداوە،پالپشتێك بووە بۆ جۆرەها کەرەستەی دروستکراوی نوێی وەك کاشی ، بلۆك ، مەرمەر ، ئەلەمنیۆم،pvc،بنمیچی لاوەکی،ئاسن، شووشە، گەچ،چیمەنتۆ000هتد وەك پێشتر ئاماژەمان پێکردبوو،لە پێکهاتەی خانووەکانیاندا بەکاری دەهێنن0

لە کۆتایی ئەم بەشەدا، بەو ئەنجامە دەگەین کە بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوو لە پیرزیندا، تەنها بە هۆکارێك کاریگەر نەبووە،بەڵکو ئەنجامی ئاوێتە بوونی چەندین هۆکاری سروشتی وەك ئاووهەواو بەرزونزمی وهەروەها هۆکاری مرۆیی وەك ئابووری و کۆمەلایەتی و رامیاری و گواستنەوەو پێشکەوتنی تەکنولۆژیا، کە بەشێوەی ڕاستەوخۆیان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوودا جێهێشتووە.

**ئەنجامەکان**

لە توێژینەوەکەماندا بە کۆمەڵێك ئەنجام گەیشتین، گرنگترینیان بریتین لە-:

1 -هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی پیرزین گرنگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە ،بە جۆرێك لە ڕووی هاتووچۆو گواستنەوەدا دەکەوێتە نزیك ڕێگای سەرەکی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان کە ڕێگەی هاملتۆنە،ئەمەش بۆتە پالنەرێك تاکو تایبەتمەندی شارستانی لە بەکارهێنانی کەرەستەی خانووەوە پێوە دیار بێت0

2 -ناوچەی توێژینەوە،بەهۆی تایبەتمەندییە جوگرافییەکەی، مێژوویەکی دێرینی هەیە بۆ سەردەمە کۆنەکانی مێژوودەگەرێتەوە، شوێنەوارناسان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لە کۆنەوە ژیان و نیشتەجێبوون لە گوندەکەدا هەبووە،چونکە ناوچەکە زەوییەکی بەپیت و ئاوو هەوایەکی لەباری بۆ بەردەوام بوونی ژیان هەبووە،بەمجۆرە ئەو دابونەریتەی کە لە جۆری کەرەستەی خانوودا هەبووە،بۆ بۆ سەردەمە کۆنەکان دەگەرێتەوە0

3 -لە توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت ، جیاوازیەکی زۆر لە بەکارهێنانی کەرەستەی خانوو لە نێوان ماوەی سالانی لێکۆلینەوەکەدا هەبووە، بەجۆریك خانوو بە کەرەستەی قور لە سالی 1977 رێژەکەی دەگاتە 15،6% کەچی لە سالی 2021 ، رێژەکە نزمبوونەوەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە، تا گەیشتۆتە ئاستی نەمان ، هەرچی خانووی جۆری بەردی دروستکراوە لە سەرەتای سالی توێژینەوەکەدا رێژەکەی زیاتر لە 84% بووە،بەلام لە کۆتا ماوەی توێژینەوەکەدا،رێژەکە نزمبوونەوەیەکی بەرچاوی تۆمار کردووە، کە بە جۆرێك گەیشتۆتە 4% هەرچی خانووی جۆری بلۆکە لە سالی 1977 هیچ رێژەیەك لە خۆ ناگرێت،بەلام لە سالی 2021ڕێژەکە بە شێوەیەکی بەرچاو روو لەبەرزبوونەوە دەکات کە دەگاتە 96%0

4 -بە گوێرەی بیردۆزی خانووی لادێیی پێشکەوتوو لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانووی لادێیدا کە لە زۆر وولاتانی پێشکەوتووی جیهاندا کاری پێ دەکرێت بۆمان دەردەکەوێت، ناوچەی توێژینەوە لە رووی بەکارهێنانی جۆری کەرەستە لە نێو خانووەکاندا، بەدەرە لە هاوتاکردنی لەگەل رێچکەی بیردۆزەکە، ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەرێتەوە ،هەرە دیارترینیان بۆ نەبوونی یاخوود کەمی پلانێکی زانستی دروستە لە لایەن کار بەدەستانی پەیوەست بەو بابەتەوە0

5 -هۆکاری سروشتی،ڕۆڵێکی گرنگی لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوودا هەیە، بە تایبەتی رەگەزەکانی ئاوو هەوا، وایکردووە خەڵکی پیرزین خانوو بە پێی جیاوازی پلەی گەرماو رادەی باران و شێ دروست بکەن ، بە جۆرێك لە کۆندا خەلکەکە بۆ دروستکردنی خانووەکانیان جۆری کەرەستەی قوڕی بەکار دەهێنا کە بۆ وەرزی هاوین فێنکە و لە وەرزی زستانیشدا گەرمە، بەلام

لە ئێستادا خانووی کەرەستەی بلۆك بەشێوەیەکی بەرفراوان بلاوبۆتەوە،کە بەجۆرێك بەرگری باشەو خۆراگرە بەرامبەر بە هێزی باران و شێداری0

6-بەرزو نزمی،بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەری لە بەکارهێنانی کەرەستە لە خانووەکانی پیرزیندا هەبووە،بە تایبەتی خەلك پێشتر ئەو کەرەستانەیان بەکار دەهێنا کە لە نێو ژینگە دەشتاییەکاندا هەبووە،بەلام لە ئێستادا بە هۆی ئەم پێشکەوتنە زانست و تەکنۆلۆژیایە،کاریگەری لە سەر جۆری کەرەستە لە خانووەکانی ناوچەی توێژینەودا هەبووە، کە بە شێوەیەك لە جۆری کەرەستەی سرووشتی گۆری بۆ جۆری کەرەستەی دروستکراوی وەك بلۆك ومەرمەرو بەرد و کاشی و شووشەو گەچ 00هتد0

7 -هۆکاری ئابووری ،ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەکارهێنانی کەرەستەی خانوو لە ناوچەکەدا گێراوە، لە پێشتردا خەلکەکە توانای ئابووریيان سنووردار بووە ، لەتوانایاندا نەبووە کەرەستەی نوێ بۆ خانووەکانیان هاوردە بکەن ،بۆیە بە هەرەمەکی کەرەستەی ناوخۆیان بە کار هێناوە، بەلام دواتر باری ئابووریيان تا رادەیەك باشتر دەبێت،ئینجا کەرەستەی نوێ لە پێکهاتەی خانووەکانیان بەکاردەهێنین.جگە لەمەش داب ونەریت کاریگەری لە چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەدا هەبووە، بە جۆرێك لە پێش سالانی توێژینەوەکەدا سەرجەم خانووەکانیان لە کەرەستەی قور دررستکرابوون، تەنانەت مالی ئاغاش لەو کەرەستەیەدا بە دەرنەبووە ،بەلام دواتر لە ماوەی سالانی توێژینەوەکەدا بەرە بەرە دابوونەریتەکە کال بۆتەوە بەجۆرێك دروستکردنی خانووەکانیان لە کەرەستەی سروشتییەوە گۆری بۆ کەرستەی دروستکراو0

8 -هۆکاری ڕامیاری ، کاریگەری بەرچاوی لە بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوو لە ناوچەی توێژینەوەدا هەیە کە بەهۆیەوە کۆمەلگەی زۆرەملێ لە نزیك گوندی پیرزین لە ساڵی 1975 لە لایەن حکومەتی عیراقەوە دروستکرا ، دواتر بووە هۆی دروستبوونی بەشێك لە خانووەکانی جۆری کەرەستەی بەردی دروستکراو بە دەرگای ئاسن وپەنجەرەی شووشە و زەوی رێژکراو بە چیمەنتۆ. لە پالیشیدا رێگاگانی گواستنەوە بەتایبەتی لە هەردوو رێگای قیرتاوکراوی (پیرزین – هەولێر)، هەروەها رێگای قیرتاوکراوی (عەنکاوە – کرك - پیرزین)، پالنەرێك بووینە کە بۆ رازاندنەوەی شێوەی خانووەکانیان بە کەرەستەی نوێ دەکەونە سەر ئەم رێگایانە، هەروەها ئەم رێگایانە یارمەتیدەرێکن تا خەلکەکە بە ئاسانی بەشارەکان پەیوەست بن ، بۆیە لەکاتی دروستکردنی خانوەکانیاندا جۆری کەرەستەکانیان لە کەرەستەی سروشتییەوە بۆ کەرەستەی دروستکراو گۆڕی.

**ڕاسپاردە**

1 -بایەخێکی تەواو بەو جۆرە توێژینەوانە بدرێت، چونکە تاکو ئێستا توێژینەوەیەکی ووردو دروست لە بارەی جیاوازی جۆری کەرەستەی بەکارهاتووی خانووەکانی پیرزین نەکراوە یاخود زۆر کەمە!!

2 -پێویستە حکومەت سیاسەتێکی ڕوونترو و ئاشکراتری لەبارەی دروستبوونی خانووەکان هەبێت، کە بە ئاراستەی چ جۆرە کەرەستەیەك دەروات، لە پالیشیدا پلانێکی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە دابرێژرێت کە تا ئێستا ناوچەی توێژینەوە، جۆرێك لە شپرزەیی لە دروست بوون و جۆری کەرەستەی خانووەکانی پێوە دیارە0

3 -پێویستە بایەخی زیاتر بە کۆکردنەوەی داتاکان بدرێت ،بە تایبەتی داتای بەکارهێنانی جۆری کەرەستەی خانوو لەگوندەکان بە گشتی و ناوچەی توێژینەوەش بەتایبەتی، ئەویش لەڕێگای دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت لە وەزارەتی شارەوانی، کە پەیوەست بەو جۆرە کارانە بێت.

4 -پەرەپێدانی زیاتر بۆ بەکارهێنانی کەرەستەی خۆمالی لە خانووەکاندا، بەلام بە شێوازێکی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو تا خۆراگرتر بێت بەرامبەر گۆرانکارییەکانی ژینگە.

**پەراوێزی توێژینەوە**

(*) ناوی ڕەسەنی پیرزین لە زۆر ڕووەوە باس دەکرێت ،هەندێکیان پێیان وایە کە ناوی پیرزین لە دوو وشە پێك هاتووە (پیر، زین) واتە زینی کۆن، وشەی (پیر) واتە کۆن ،هەرچی زینەکەیە بۆ بوونی تاشە بەردێك لە نزیك گردێکی بچووك لە ناوچەکە دەگەڕێتەوە،کە ئێستا ئەم بەردە بە درێژایی کات رووی لە ناوچوون کردووە، لە شێوەی زینی سەر وڵاغ دەچێت، بەمەش پشتاو پشت ماوەتەوە تاکو بۆتە پیرزین. کەچی کەسانێکی تر پێیان وایە کە (پیر) مەبەستی پیرەژنێکە و زینەکەش مەبەستی زینی سەر وولاغێکە،کە هەردووکیان لێکدراوەتەوە بۆتە پیرزین ، ئەمە بەلگەی بەهێزی بیروراکانە ،بروانە: سەمیر بێچارە، 2005، لا (36)0

(**) ڕێگای هاملتون لە سالی 1933 لە لایەن ئەندازیاری ئینگلیزی (ای0 امر0 هاملتۆن) ، پلانی بۆ دارێژراوە و دواتر دروستکراوە،هەر بە ناوی خۆشیەوە ناونراوە .بروانە هاملتۆن ، ای0 امر ،1973، ص145.

(***) مێژووی زارەکی لەناو کایەی مێژوودا، میتۆدێکە بۆ بە دوا گەران پشت دەبەستێت بە چاوپێکەوتن لەگەل سەرچاوە زارەکییەکان ، مێژووی زارەکی کە لە ڕێگەی دەنگی شایەتحالەکانەوە دیدێکی جیاوازمان دەداتێ لەسەر رابردوو ،تەنها لەسەر مێژووی ڕووداوی سیاسی و سروشتی نییە، لەهەندێ زانکۆکانی جیهاندا لەسەر مێژووی کەسایەتی و خێزان و گرووپە کۆمەلایەتییەکانیش رادەوەستێت،مێژووی زارەکی وەك دەستەواژە بۆ یەکەمر جار لە زمانی ئینگلیزیدا بەکار هاتووە،کە پێی دەووترێت(oral history)، وە هەر لە زمانی ئینگلیزیشەوە هاتۆتە ناو زمانەکانی ترەوە0 بۆ زیاتر بروانە : (Sommer,kay,2018,p6)

(****) بە پێی بریاری ژمارە (134) لە ڕێکەوتی (28-1 -1978) ، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە عیراق،بریاردرا بە دابەشکردنی400 یەکەی نیشتەجێبوون بۆیان 0بۆ زیاتر بروانە: (جمباز،2004 ،ص 338)0

(*****) مەبەست لە چەند ژوورێکی کۆنە کە تا ئێستا ماوەتەوە لە نێو خانوویەکی سەربەخۆی بلۆك،کە بە پێی هۆبەی مولکایەتی فەرمانگەی شارەوانی پیرزین بە خانووی جۆری بلۆك هەژمار دەکرێت0

(******) بەکارهێنانی ئەمر سالانە دەگەڕێتەوە بۆ دەست کەوتنی زانیاری درووست لە ناوچەی توێژینەوە0

(*******) تێکرای سالانەی هەریەك لە پلەی گەرما و ڕێژەی شێ و بری باران ،راستەوخۆ لە سەرچاوەی خشتەکە وەرگیراوە.

## لیستی سەرچاوەکان


### سەرچاوە عەرەبیەکان

1- ابراهيم،عبدالباقي محمد،(بلا سنة طبع) مقومات الاسكان الريفي في مصر ،جمهورية مصر العربية، القاهرة 0

2- اسماعيل، ايوب خليل،(2003)، مورفولوجية القرية في اقليم الجبلي، دراسة ميدانية في محافظة اربيل، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، (غير منشورة).

3- الانصاري ،رؤوف محمد علي،(2009)، بيوت جديدة فى القرى والارياف تتالف مع بيئتها العراقية الخاصة،جامعة اهل البيت ، كربلاء

4- البطيحي، عبدالرزاق محمد ، خطاب ،عادل عبدالله ،(1982)، جغرافية الريف، مطبعة جامعة بغداد،بغداد.

5- جمباز،طارق، (2004)،مراسيم وقرارات مجلس قيادة الثورة (1968-2003)،المتعلقة بكوردستان -العراق،مجلة ياساپاريزى(3)، الطبعة الثانية،اربيل0

6- حكومة الاقليم كوردستان العراق،وزارة التخطيط، مديرية الاحصاء في محافظة اربيل،المجموعة الاحصائية لريف محافظة اربيل،حسب التعداد (1977-1987)،اعداد| محمد عبداالة عمر و يوسف صالح اسماعيل،اربيل،بلا سنة الطبع(مطبوعة بالرونيو غير منشورة)0

7- صقر،مجدي شفيق السيد، (2005)، رؤية الجغرافية لعمران المتصل ريفي والحظري غربي مدينة المنصورة،دراسة قرية ميت خميس،القاهرة0

8- الطفيلي،حميد، ( 2009)،جغرافية المواصلات والاتصالات، دار المنهل لبناني لطباعة والنشر،بيروت0

9- اللهوني، محمد عبدالله عمر، (2002)،التحليل الجغرافي للاستيطان الريفي في العراق، دراسة تطبيقية لمحافظة اربيل، اطروحة دكتوراه، مقدمة الى كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.(غير منشورة)

10- محمد ،خليل اسماعيل ، (2012)،السكان والمسالة السكانية في كردستان العراق،مطبعة جامعة صلاح الدين،اربيل0

11- محمد، مدحت جابر،(2002)،جخرافية العمران الريفي والحضري،مكتبة الانجلو مصرية،الجيزة0

12- المسهلي, عبدالفتاح محمد,(2017),جدلية تكنولوجيا والشكل في العمارة الارض, بلا مكان الطبع0

13- مهنا،محمد حمود،(2020)،مواد البناء،جامعة الانبار، الانبار0

14- النقشبندي، ازاد محمد امين،(1997) مناخ اقليم كوردستان العراق، مجلة متين، عدد (63)، مطبعة خبات، دهوك0.

15- هاملتۆن ،ای0 امر0 ،( 1973)، ترجمة ،جرجيس فتح الله،طريق في كوردستان،مطبعة دار الجاحظ، بغداد0

16- الهيتي ،صبري فارس ، محمد،خليل اسماعيل ،(1983)،جغرافية الاسكان، مطبعة جامعة بغداد ،بغداد0

### سەرچاوە کوردییەکان

17- احمد، ڕۆژان صباح0(2012) شیکردنەوەی جوگرافی گرفتە ژینگەییەکان لە دەشتی هەولێر، نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی ئەدەبیات،بەشی جوگرافیا،هەولێر 0

18- بێ چارە،سمیر،(2005) مێژووی پیرزین ،گۆڤاری نوالەی نوێ،سالی سێیەمر، ژمارە (28)، هەولێر0

19- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق،وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار، بەڕێوەبرایەتی گشتی شوێنەوارو کەلەپوری هەولێر،(2022)،هەولێر 0

20- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێمر، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر،(2022)،بەشی(Gis)، هەولێر0

21- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێمر، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، (2022)،بەشی ئاماری دانیشتوان،هەولێر، (بلاونەکراوەتەوە)0

22- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار،، بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر،(2022)،سەرۆکایەتی شارەوانی پیرزین، بەشی مولکایەتی، پیرزین، (بلاونەکراوەتەوە)

23- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار،، بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر،(2022)،سەرۆکایەتی شارەوانی پیرزین، بەشی کارگێری، پیرزین (بلاونەکراوەتەوە)

24- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاو، بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر،(2022)، بەشی کەشناسی، هەولێر ،(چاپ و بلاونەکراوەتەوە)0

25- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاو،بەرێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوەو رێنمایی کشتوکالی،بەرێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکالی هەولێر،(2022)،بەشی پلاندانان ،هەولێر0( بلاونەکراوەتەوە)

26- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، بەرێوەبەرایەتی پلان دانان و چاکسازی، (2022)،بەشی نەخشە دانان، نەخشەی ناحیەی عەنکاوە، هەولێر،)چاپ و بلاوکراوەتەوە)0

27- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان،بەرێوەبەرایەتی رێگاوبانی هەولێر، (2022)،بەشی تەکنیکی،هەولێر، (بلاونەکراوەتەوە)0

28- سمایل،عەباس سلێمان،(2004)،مێژووی دەشتی هەولێر، بلاوکراوەکانی :سەعدولا شێخانی،بەرگی یەکەم،ژمارە (67)،هەولێر0

29- عزیز، ئاگرین عبداللە، (2011)،چۆن گەشە بە تۆری رێگاوبانی هەولێر بدەین،چاپخانەی مالی رومێل،چاپی یەکەم ، هەولێر0

30- 000000،(2013)، ئادار مانگی کوردان،گۆڤاری پێشکەوتن،ژمارە(190)، هەولێر0

**چاوپێکەوتن و سەردانی مەیدانی**:

31- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل بەرێز (صدیق حسن محمدامین)، ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی پیرزین، لە 5/1 /2022، چوارشەممە.

32- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل بەرێز(عمر یونس قادر)، خەڵکی رەسەنی گوندی پیرزین، لە 5/1 /2022، چوار شەممە.

33- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل بەرێز(مەلا تەحسین عەزیز یوسف)، خەڵکی رەسەنی گوندی پیرزین، لە 18/1 /2022، سێشەممە

34- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل بەرێز (زاهیر عزیز یونس)، خەڵکی رەسەنی گوندی پیرزین، 2022/2/7، دووشەممە.

35- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل بەرێز (عبدالصمد علی یونس)، خەڵکی رەسەنی گوندی پیرزین،2022/2/22، سێشەممە.

36- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل بەرێز (عبدالخالق میر یحیی)، خەڵکی گوندی پیرزین، 2022/3/9، چوارشەممە

37- سەردانی مەیدانی توێژەر، پیرزین، لە 2022/3/13. یەکشەممە

38- سەردانی مەیدانی توێژەر، پیرزین،2022/3/19، شەممە0

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

39- Buringh.P. (1960). Soil and soil condition in iraq, Ministry agriculture, Baghdad.

40- Ergin, Sefika. (2015). Material use and architectural features of rural Architecture in Diyar bakir, Aydin university, Istanbul.

41- Rassol, Shorsh. M. (1990). Destruction of a nation, printed in U.S.A.

42- Sommer, Barbara.W. and Mary Kay. (2018). The oral history manual, third edition, New York.

**پاشکۆی(1)**

**ژمارەی بەکارهێنانی جۆری کەرەستە لە خانووەکانی پیرزین (1977-2021)**

| سال | قور | بەردی دروستکراو | بلۆک |
|---|---|---|---|
| 1977 | 71 | 385 | - |
| 1987 | 43 | 469 | 50 |
| 2008 | 4 | 450 | 1000 |
| 2021 | - | 200 | 4795 |

سەرچاوە:سەرۆکایەتی شارەوانی پیرزین، 2022 (بلاونەکراوەتەوە).

**التحليل الجغرافي لمواد البناء في بيرزين**

**(دراسة في جغرافية الريف)**

**هوكر جميل احمد**

وزارة التربية-مجمع فاخير ميركةسور تربوي

Hogrjamil11@gmail.com

**ملخص**

يعتبر بناء البيوت بالمواد المتنوعة من اهم السمات الثقافية والمادية للانسان،كما ان المسكن يعد مؤشرا على نمط الحياة الانسان و درجة التحضر المجتمعات، ومن المعلوم ان هناك العديد من مواد البناء المستخدمة في بناء البيوت في بيرزين 0 تهدف الدراسة الى الكشف عن نوعية المواد المستخدمة في تركيبة البيوت في بيرزين، من اجل ان تساهم في وضع خطط التطوير والتنمية في منطقة الدراسة من قبل المسؤلين والجهات المختصة،للوصول الى هدف الدراسة اتبعت الدراسة المنهج الوصفي والتحليلي، على هذا الاساس تم تقسيم الدراسة الى ثلاثة اجزاء رئيسية منها التعريف منطقة الدراسة و ثم نوعية المواد المستخدمة و بعدها دور العوامل المؤثرة في استخدام المواد في بناء البيوت في منطقة دراسة.

من الجدير بالذكر ،كان جميع المواد المستخدمة في بناء البيوت في بيرزين قبل سنة 1977 عبارة عن لبن و الطين والخشب والطابوق 0اما في سنة 1977 دخلت المواد الحجرية المصنوعة في تركيب البيوت. وفي سنة 1987 دخلت مادة بلوك الى جانب المواد التقليدية اضافة الى مواد الحديد ، الزجاج ، الاسقف الثانوية ، الاسمنت ، كاشي ، الحجر الحلان ، مع ذلك في سنة 2008 تطورت مادة بلوك شيئا فشيئا قياسا بسابقتها، ولكن في سنة 2021 نسبة نوعية المواد المستخدمة من بلوك في تركيبة البيوت بيرزين وصلت الى 96% مقارنة بالمواد اللبن التي اصبحت الآن معدومة.

**مفاتيح الكلمات:** مواد البناء، المسكن الريفي، بيرزين.

**Geographical analysis of building materials in pirzin**
**Studies in rural geography**

**Hogir Jamil Ahmed**
Ministry of Education - Fakhir Merkasur Educational Complex
Hogrjamil11@gmail.com

**Abstract**

Building houses with various materials is one of the most important cultural and material features of man, and housing is an indicator of human lifestyle and the degree of urbanization of societies, and it is known that there are many building materials used in building houses in prizin. The study aims to reveal the quality of the materials used in the composition of the houses in prizin, in order to contribute to the development of development plans in the study area by the officials and the competent authorities. To reach the goal of the study, the study followed the descriptive and analytical approach. on this basis, the study was divided into three Main parts, including the definition of the study area, then the type of materials used, and then the role of factors affecting the use of materials in building houses in a study area.

It is noteworthy including, all the materials used in building houses in pirzin before 1977 consisted of mud, clay, wood and bricks. Glass, secondary ceilings, cement, kasha, stone al-Halen. However, in 2008, the block material developed little by little compared to its predecessor, but in the year 2021 the percentage of the quality of materials used from block in the composition of prizin houses reached %96 compared to the materials that are now made of mud none.

**Keywords:** building materials, rural houses, prizin.